مەسعود بارزانی: بەڕێنی کارکردن بەو ماددەی 140 جێبەجێنەکرا



مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدیدارێکدا لەگەڵ باڵیۆزی فەڕەنسا لەعێراق رایگەیاند، "سەرەڕای سەرنجی زۆرمان لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق کەکەموکوڵی زۆری تێدایە بەشداری هەڵبژاردن دەکەین" و دەشڵێت، "ئەم یاسایەی ئێستا کاری پێدەکرێت یاسای ساڵی 2010یە و ئەوکات بەڕێنمان پێدرا کەماددەی 140ـی دەستور جێبەجێبکرێت و یاساکەش بە تەنها یەك خولی هەڵبژاردن کاری پێ بکرێت، بەڵام تا ئێستا بەردەوامە و بەڕێنەکانیش جێبەجێنەکران".

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی بارەگای بارزانی، ئەمڕۆ سێشەممە لەپیرمام، مەسعود بارزانی پێشوازی لەپاتریك دورێل باڵیۆزی فەڕەنسا لەعێراق کرد و لەدیدارەکەدا کەیان برێم کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لەهەولێر ئامادەی بوو، باڵیۆزی فەڕەنسا سوپاسی مەسعود بارزانی کرد بەبەشداربونیان لەماسیمی کردنەوەی ڕێگەوی پێشمەرگەلەپاریس و ئەمەی بەهەنگاوێکی ئەرێنی ناوبرد لەپێناو قوڵترکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان گەل و حکومەتی فەڕەنسا و هەرێمی کوردستان

باڵیۆزی فڕەنسا لەگەڵ عێراق کردنەوەی ئێمبەسیی پێشمەرگەی لە پاریس بەهۆی ئەنجامی ڕێز و پێزانینی گەلی فڕەنسا وەسفکرد بۆ قوربانیدان و ئازایەتی بەرچاوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕووبەڕووبونەوە و تێکشکاندنی داعش و گروپە تیرۆرستییەکان و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە، هەروەها پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ هێزی پێشمەرگەو و هەرێمی کوردستان دوپاتکردەوە.

لای خۆیەوە مەسعود بارزانی سوپاسی گەل و حکومەتی فڕەنسا و شارەوانی و سەرۆکی شارەوانیی پاریسی کرد لەپێناو ئەو بڕیارە مێژویەی بۆ کردنەوەی ئێمبەسیی پێشمەرگەی لەناو جەرگەی پاریس دایان و ئەوەی بەسیمبوڵێك بۆ تێکۆشان و قوربانیدانی پێشمەرگەی لە پێناو ئازادیدا وەسفکرد.

لەبارەی پرسەی سیاسیی عێراق و هەڵبژاردنی داهاتوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، مەسعود بارزانی باسی لەوەکرد، "سەرەڕای سەرنجی زۆرمان لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق کەکەموکوڵی زۆری تێدایە بەشداری هەڵبژاردن دەکەین، گرنگە دوای هەڵبژاردن هەمو ئەو لایەنە سیاسیانەی دەیانەوێت شەفافییەت لە هەڵبژاردن دا هەبێت پێکەوە کار لەسەر دەرکردنی یاسایەك بکەن بۆ هەڵبژاردنەکان کەیەکسانی و دادپەروەری تێدابێت، چونکەئەم یاسایەی ئێستا کاری پێدەکرێت یاسای ساڵی 2010یە و ئەوکات بەتەنمان پێدرا کەمادەی 140ــی دەستور جێبەجێبکرێت و یاساکەش بۆ تەنها یەك خولی هەڵبژاردن کاری پێ بکرێت، بەڵام ئەم یاسایە تا ئێستا بەردەوامە و بەتەنەکانیش جێبەجێنەکران".

هەر بەگوڕەی ڕاگەیەندراوەکە، پێشهات و گۆڕانکارییەکان بارودۆخی سیاسیی ناوچەکەبە گشتیی و دۆخی سوریا و هەنگاوەکانی پێسەی ئاشتیی لەتورکیا تەوەرێکی دیکەی ئەم دیدارە بون.